# جەنگی ناوخۆ لەعیراق!

## واقعییەتێکی رۆژانە لەدژی ژیان وئەمنییەتی خەڵك

نووسینی: فاتح شیخ                    وەرگێرانی لەفارسییەوە: محمد غفور

ژمارە راچڵەکینەرەکانی کوشتاری هەمەرۆژەی خەلکی عیراق، هەر رۆژە بلاوەبنەوە. ئەمرۆ ئەم ژمارەیە، لەخستنەسەرپێی حکومەتی تالەبانی-جەعفەرییەوە، لە"هەلبژاردن"و دەسپیکردنی "پرۆسەی دیموکراسی"یەوە؟ لەکەوتنی صدام و"ئازادی عیراقەوە" لەریگای جەنگی ئەمریکاوە، تائیستا؟! سەرجەم چەند سەدهەزارە؟ ئەم ژمارانە چیمانپیدەلین؟

بێگومان ژمارەکان لەوە کەمترن کە لە واقعدا روودەدەن بەلام واقعییەتیکی روون ورەوان دەخەنەروو کەمیدیا بێشەرمانە خەریکی داپۆشینییەتی: جەنگیك کەبەهیرشی ئەمریکا دەستیپێکرد، لەمەودایەکی بەرفراواندا لەدژی ژیان و گوزەرانی خەلك لەعیراقدا بەردەوامە. ئەم واقعییەتە کەرۆژانە میدیاکان ژمارەکانی دەدەن وروخساری قیزەونیشی پەخشدەکەنەوە، خەریکن وەکو جەنگی ئەمریکا لەدژی تیرۆر دەرخواردی بیروڕای گشتی جیهانی ئەدەن! لەوەش بەولاوەتر، میدیاکان لەگەڵ ئەم ژمارانە وئەم روخسارە قیزەونانەیدا ئاگایانە خەریکن بیروڕای گشتی جیهان لەگەڵ کوشتاری رۆژانەی خەلکی عیراق رادینن. ئەمە خۆی گۆشەیەکی دیکەی جەنگ وتاوانکاریی هەررۆژەی جەنگیکە لەعیراقدا کەرووبەخەلکی جیهان وروو بە من وئیوە خەریکە دڵ ومیشکی ئیمەی کردۆتە ئامانج بۆئەوەی بمانتۆقینێ، وقبولیبکەین کەهەرئەمەیە! نا، قبولیناکەین، نا، نابێ قبولیبکەین.

بەتەنیشتی ئەم جەنگە بەرفراوانەوە لەدژی خەلکی عیراق وئەم جەنگە میدیاییە لەدژی خەلکی جیهان، فریودانیکی"تەحلیلی" ئیجگار نزمیش هەروا رۆژانە پیشکەشدەکری: لێکۆلەرەوەکانی زانکۆکان، دامەزراوەکانی "لیکۆلینەوەی ستراتیژیکی"، کەهەر هەموویان لەخزمەتی وەزارەتخانەکانی جەنگدان، لەهاوشانی "موفەسرانی" میدیاکانەوە پەیتاپەیتا "پیشبینی" دەکەن کەعیراق "لەوانەیە" بە ئاقاری "جەنگی ناوخۆ"دا بڕوات!! مەسخەرەیە! بالەوەگەریین کەهەمیشە زانکۆکان وسەنتەرە ئاکادیمیکەکان لەژیانی واقعی لەدواوەتربوون وهەمیشە دابراوبوون لیی، لیرەدا ئیتر بەرەسمی ئەوە پیشەسازی درۆیە کەدەیەویت بەرهەمی خۆی کەلەکەبکات. ماوەیەکی زۆرە کەجەنگی ناوخۆ لەعیراق گۆراوە بۆ واقعییەتی هەررۆژە. ئەم "پیشبینی"یانە تێدەکۆشن بەبیروڕای گشتی بقبولینن کەگوایا ئەمە جەنگ نییە، بەلکو ئەمە "پرۆسەی ئازادی عیراق"و پرۆسەی "دیموکراسی"خەلاتکراوی ئەمریکایە بەخەلکی عیراق و"رۆژهەلاتی ناوەراست" کەخەریکە ئەچیتەبەرەوە وکۆسپەکانی سەرڕێی پاکدەکاتەوە!!

### داگیرکردن، جەنگ، تیرۆر و... ؟

بۆووردبوونەوە لەبارودۆخی عیراق سەرەتا دەبێ چەند دیاردە لەیەك جیابکرینەوە ودواتر بخرینەوە پاڵیەکتر هەتا بەدرووستی لییان تێبگەین: جەنگ، داگیرکاری، تیرۆر، جەنگی میلیشیا ودارودەستە ووردودرشتە چەکدارە ئیسلامی وقەومییەکان لەگەڵ یەکتر، نەبوونی ئەمنییەت ودزی وراووروت ودەستدریژی وسەرانەسەندنی شەوانە وتەنانەت رۆژانە بۆسەر خەلك لەناو مالەکانیان ولەکاتی پەرینەوە لەشەقامەکان ولەکاتی سەفەر لەسەر ریێوبانەکان وئەوانی تر، جەنگ وپەلاماری رەوتە ئیسلامییەکان لەئاستیکی فراوانی کۆمەلگادا بۆسەر شەست لەسەد 60٪ی دانیشتوان واتە ژنان. راستە کە تیرۆر وخۆکوژی لەعیراقدا هەیە، بەلام ئەمە تەنها گۆشەیەکی ویناکەیە. گۆشەیەکی تری ویناکە جەنگە بەهەموو شیوەکانییەوە. تیرۆر تیرۆرە وجەنگ جەنگە. پەیوەندیان هەیە لەگەڵ یەکتر بەلام نابێ تیکەلبکرین. ئەمانە هەموویان لایەنە جیاوازەکانی جەنگیکی بەرفراوان وترسناکن کەلەعیراقدا لەئارادایە و کەس ناتوانێ ناویکی دیکەی لیبنێ جگەلە جەنگ (یا "جەنگی ناوخۆ")، مەگەر تەنها بەپشتبەستن بەبێشەرمی وبێ ئابروییەك کەلەجۆری بۆش وبلیر ورامسفیلد وبەرهەمی درۆی میدیای وابەستە پێیانەوە نەبی. پایەوبنەمای هەموو ئەم دیاردانە، دووساڵ لەمەوبەر لەگەڵ جەنگی ئەمریکا وهاوپەیمانانی لەدژی عیراق داریژرا وئیستاش هەروا جەنگ وتیرۆری خۆبەخۆ وپچرپچر ودەستەویەخە کەسەرتاسەری گوزەرانی خەلك ودامەزراوەی مەدەنی کۆمەلگای هاویشتۆتە بەردەم مەترسی مەرگو ویرانکارییەوە، ئاکامی وجودی هیزەداگیرکەرەکانی ئەمریکا وئیئتلافی جەنگی هاوپەیمانییەتی لەعیراقدایە.

خودی هیزە داگیرکەرەکان هەررۆژە دەرگیری جەنگن لەگەڵ خەلکدا، جەنگەکانی فەلوجە وحەدیسە وئەوانی تر، جەنگی کلاسیکی هیزە داگیرکەرەکانن لەدژی هاوولاتیان، ئەمەکە لایەنی بەرامبەر، پاشماوەکانی بەعسن بەشیکی پیویستی روودانی جەنگە بەلام هەمووی نییە. داگیرکاری ئەمریکا لەهەمانکاتدا ئیمکانییەت ئەداتە دەستی لایەنی بەرامبەر کەجەنگی خۆی وەکو "مقاوەمە" ئاراستەبکات وبیسەپێنێ بەسەر خەلکدا.

بەتەنیشت ولەئاکامی ئەم بارودۆخە داگیرکارییەی عیراق وئەم سەپاندنەی تیرۆریزم وملهوری سەربازی ئەمریکا بەسەر خەلکی عیراقدا، ئیسلامی سیاسی وجمهوری ئیسلامی ئیمکانییەتی جموجوولی بەرفراوان ودەسئاوەلاّیی بۆ رەخساوە هەتا کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەر گۆشە گۆشەی ژیانی خەلك وکۆمەلگادا داسەپێنێ.

بەتەنیشت ولەئاکامی ئەم بارودۆخە داگیرکارییەی عیراقدا، درندە وجانەوەرانی ئیسلامی لەهەر دەمارگیرییەکی عەشیرەتی ومەزهەبیك ئیمکانیان بەدەسهیناوە پەلاماریکی بەرفراوان بۆسەر ژنان کەزۆربەی سەرووی شەست لەسەد60٪ی کۆمەلگا پیکدینن لەکوشتاری فەردی وبەکۆمەلّ ورفاندن وتەعەدای جنسیو ترس وتۆقاندنی هەمیشەیی ریکبخەن.

لەپال ولەئاکامی ئەم بارودۆخە داگیرکارییەی عیراقدا، دارودەستە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان لەچەشنی زەرقاویو ئەلقاعیدە وباندەکانی دیکە لەدوورترین شوینەکانی "بیلادی ئیسلامەوە" لەعیراق دەرفەتیان چنگکەوتووە بۆ ریکخستنی تیرۆر وکردەوە خۆکوژییەکان.

بەتەنیشت ولەئاکامی ئەم بارودۆخە داگیرکارییەی عیراقدایە، کەپاشماوەکانی رژیمی صدام وگاردی کۆماری وجەیش وحەرەس قەومی ومونەزەماتی حیزبی بەعس بەبەرزکردنەوەی پەرچەمی دووفاقەی ناسیونالیزمی عەرەب وئیسلامی دژی ئەمریکایی، وە بەشیعاری "مقاوەمە"وە (کەسەرەرای موخالەفەتیان لەگەلّ داگیرکاریدا ناتوانن ناوەرۆکی تەواو کۆنەپەرستانە ودژی خەلکی ئەم "مقاوەمە"یە بشارنەوە)، لەدژی هیزەکانی ئەمریکایی ودەولەتی تالەبانی — جەعفەری وئەوانی تر جەنگی خۆیان بەرێخستووە ودریژەشی پێدەدەن. ئەمە جەنگە وخۆیشی بەشیکە لەجەنگیکی گەورەتر کەهەوری چلکن وخویناویی سایەی خستۆتە سەر سەراپای کۆمەلگا. ئەمەی کەبۆش رۆژیکی دیاریکراوی وەکو کۆتایی جەنگ لەعیراق راگەیاندووە، بەلاّم بەو هۆیەوە کەلایەنی بەرامبەر توانای جەنگی هەیە ناکرێ بەم راگەیاندنە لەحالەتی جەنگی بچیتەدەرەوە.

لەژیر سیبەری ئەم بارودۆخە داگیرکارییەی عیراقدا، قەلشتی قەومی تەعەسوبیکی تازەی زیادکردووە بۆسەر قەلشتیکی میژوویی کەلەعیراقدا بەهۆی بوونی مەسەلەی کوردەوە، لەئارادابووە وجەنگ ودەعوای قەومی لەکەرکوك تەنها یەکیك لەخالەکانی تەقینەوەیەتی.

لەژیر سایەی ئەم هەلومەرجەدا، حاکمییەتی میلیشیایی وکەلّك وەرگرتنی دەولەتی لەمیلیشیا بەناوی ئەمنییەتەوە لەدژی ئەمنییەتی خەلك زەمینەی پەیداکردووە، هەرئیستا میلیشیای جەیشی بەدر لەگەلّ میلیشیای حیزبەکانی ناسیونالیستی کورد پیکەوە بەربوونەتە گیانی خەلك وهەرئان وساتیکیش لەوانەیە چەك لەیەکتر رابکیشن.

لەکوردستانی عیراقدا، بەپیچەوانەی ئەوەی کەدوو حیزبی ناسیونالیستی دەسەلاّتدار لەدرۆ وفریوی پووچ وبێپەردە کەدەرخواردی خەلکی دەدەن، کیشەیەکی قوولّ لەنیوانیاندا لەسەر دەسەلاّت لەئارادایە کەزەخیرەیەکی ئامادەی تەقینەوەی ئیجگار زۆری بۆ نوێبوونەوەی جەنگی ناوخۆ ئامادەکردووە. بەپیچەوانەی یەکیتییەکی درۆیینەوە کەبەزەردەخەنەی ساختە گەرەکیانە نمایشی بکەن، قەلشت وئیختلافی نیوان دوو حیزبی ناسیونالیست-عەشیرەیی دەسەلاّتدار لەکوردستانی عیراقدا لەدرز وئیختلافی کۆن ونوێی هەریەك لەوان لەگەلّ دارودەستە شۆڤینیستەکانی عەرەب، یائیسلامی وەیاتورکمان ئامادەتر وقابیلی تەقینەوەترە! ئیختلاف لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی هەریم کەبووەهۆی دواکەوتنی ریسواییهینەر بۆ "پەرلەمانە" بووکەشوشەییەکەیان تەنها لووتکەی کیوەبەفرینەی شەڕی دوو حیزبە لەسەر دەسەلاّت ولەسەر سەهمی راوورووتی خەلکی کوردستان وسەهم لەدەزگاکانی دەسەلاّتی سەراسەریدا.

## بزووتنەوەی کۆمەلاّیەتی لەبەرامبەر داگیرکاری، تیرۆر و...

ئەم داوە رێلیوونکەرەی داگیرکاری وجەنگ وتیرۆر وپیکدادانە قەومی ودەمارگیرییانە وئەوانی تر کەرۆژانە ژمارەی قوربانیان ومەیدانەکانی کارەساتەکانی پەخشەکریتەوە، لایەنە جۆراوجۆرەکان وپەردە خویناوییەکانی جەنگیکی ناوخۆیی لەعیراق کەماوەیەکی زۆرە لە"پیشبینیی" تێپەربووە وگۆراوە بۆ واقعییەتیکی هەمەرۆژە لەدژی گوزەرانی خەلکی ئەو کۆمەلگایە. ئیمە لەکەناری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە ماوەیەکی زۆر بەرلەهیرشی ئەمریکا، ئەمەمان پیشبینیکرد وبەدەنگی بەرز رامانگەیاند. پیشبینی ئەوکاتەی ئیمە کەپشتبەستووبوو بەتەحلیلی مەنتیقی رووبەڕووبوونەوەی دوو قوتبی تیرۆریزمی جیهانی، بەداخەوە خراپتر لەهەر لیکدانەوەیەك روویداوە. ئەمە ئەو سیناریۆ رەشەیە کەلایەنگرانی ملهوری وتاوانکاریی ئەمریکا ئینکاری روودانیان دەکرد و ئیمە دووپاتماندەکردەوە کەئەگەر پیشی پێنەگیرێ حەتمی دەبێ (لایەنگرانی ملهوری ئەمریکا لەناو ئۆپۆزیسیۆنی راستی سەلتەنەتی وجمهوریخوازانی جمهوری ئیسلامی ئیران لەئەوپەری بێمەسئولییەتیانەوە، هەر ئەم درۆ ودەلەسە ترسناکانەیان دەوی کەلەمەیدانی سیاسەتی ئیراندا پیشکەشی بکەن).

بەلاّم عیراق بەتەنها مەیدانی جەنگی ناوخۆ وسیناریۆی رەش نییە، بەلکو مەیدانی ئامادەیی یەك هیزی کۆمۆنیستیشە کەپەرچەمی رەتکردنەوەی ئەم بارودۆخە خویناوی وکارەساتبارەی بەدەستەوەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و "کۆنگرەی ئازادی عیراق" کەداهینانی ئەم حیزبەیە ولەلایەن رابەران وهەلسووراوانی ئەوەوە پیکهاتووە، لەناو جەرگەی بزووتنەوەیەکی فراوانی کۆمەلاّیەتییەوە کەلەیەك کاتدا هەم لەبەرامبەر داگیرکاری ئەمریکا ولەدژی جەنگ ودەعوای دارودەستە ئیسلامی وقەومییەکان وهەم لەدژی دەستدریژی کۆنەپەرستیی ئیسلامی عەشیرەیی بۆسەر ژنان راوەستاوە، فەعالییەتی خۆی بۆ ریکخستن، و یەکگرتووکردن و هینانەمەیدانی هیزی خەلك دەستپێکردووە.

کۆبوونەوەکانی ئەم دواییانەی "کۆنگرەی ئازادی عیراق" لەبەسرا و بەغدا و هەروەها دەسبەکاربوونی فەرعی بەریتانیای ئەم ریکخراوە کەیەکشەممەی رابردوو لەلەندەن بەرپاکرا، نەك تەنها مژدەی ئازادی عیراق لەهەلومەرجی تاڵوسەختی جەنگی ناوخۆی ئیستایە، بەلکو میکانیزمی واقعی ئەم ئازادییەی خستۆتە بەردەم هەموو خەلکی تینووی ئازادییەوە. ئەمە یەك بزووتنەوەی واقعی خەلکییە کەلەیەك کاتدا لەدژی داگیرکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، وەلەبەرامبەر جموجووڵ و تیکۆشانەکانی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی و دارودەستە قەومی-عەشیرەییەکان و لەدژی پاشماوەکانی رژیمی بەعس هاتۆتەمەیدان. ئەم بزووتنەوەیە شایستەی گەرمترین وبەرفراوانترین پشتیوانییە لەلایەن هەموو ئازادیخوازانی سەرتاسەری جیهانەوە.

**لە(کمونیست)ی ژمارە 44 بلاۆکراوەی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران-حیکمەتیستەوە وەرگیراوە.**